# گۆڕستانە دەریایییەکە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

پ. ڤالێری

# گۆڕستانە دەریاییەکە

وەرگێڕانی:

محەمەد باوەکر

ناوی کتێب: گۆڕستانە دەریاییەکە
نووسینی: پ. ڤالێری
وەرگێڕانی: محەمەد باوەکر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٨٦
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٦٧٠ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## شیعر لە بەراییدا

لە زەمانە هەرە دێرینەکانەوە بەتایبەتیش ئەگەر هاتوو لە لای گریکەکانەوە دەست پێ بکەین، دەبینین لە ئەفسانە و چیرۆکەکانیاندا باس و خواسی داهێنانی ئەدەبی بەلێشاو دەکەونە بەرچاوان، نووسین و شاکارەکانی هەرسێ شاعیرە سێکوچکەکەی تراژیدیای گریکیش ئەسخیلۆس (٥٢٥ – ٤٥٦ پ. ز) سۆفۆکلیس (٤٩٦ –٤٠٦ پ.ز) یۆرپیدس (٤٨٥ – ٤٠٦ پ.ز) بەڵام ئەو کاتە نەیانتوانیوە لە تۆڕی ئەفسانە دەربازبن، هەر ئەم سێکوچکەیەش بوون تازەگەرییان لە شیعر و درامای وەختێکدا هێنایە ئەنجام. بەڵام (ئەرستۆ) کە لە دوای ئەمانەوە بەمێژوویەکی درێژ هاتە مەیدانەکەوە لە مێژووی ئەدەبدا بەبەرزترین ڕەخنەگر دەژمێردرێت، چونکە ڕێبازگە و لایەنەکانی دیکەی ئەرستۆتالیسی چەسپاند و سەقامگیری کرد، ساغیشی کردەوە، لە پاش ئەوە تایبەتمەندەکان قوتابخانە و پرۆگرام و ڕێبازە ڕەخنەیی و فیکرییە تەوژمە ئەدەبییە ڕەخنەییەکانیان هێنایە گۆڕێ بەگشتی، لەو حاڵەتەدا ڕەخنەسازی سەربەخۆیی وەدەست کەوت وەک ڕوویەکی



هونەری، نەک ئاوێنەیەکی تێکچووی هەڵپڕووزاو بۆ هونەر، لە لای زۆربەی میللەتانی بەر لە ئەمانەش هەر بەزمانە شیرینەکەی شیعردا وێرد و نوازیشیان بۆ ڕەخساندووە، بۆ نموونە سۆمەرستان و بابلستان هەروەها لای میسرییە کۆنەکان بەتایبەت لە داستانی "خولْقاندن" و "گەلگامیش" و "ئۆزریس و ئۆزیس". دیسان شیعر ئەو دەسەڵاتەی نەبووە بتوانێ لە قاوغی ئەفسانە خۆ بێنێتە دەرەوە ئەم شوێنی ئەوی تری گرتووەتەوە، تێکەڵ بەیەکتر بووینە، تا گەیشتوونەتە دوا چڵەپۆپەی ململانێیان پاشان لێک جودا بوونەتەوە لقی تری هونەرییان لێ لە دایک بووە تا وای لێ هات لە تاکە قەسیدەکەیدا دوو جۆری یاداشت لە یەک کاتدا لەنگەر و ئۆقرەیان گرت، هەریەکەیان ڕچەی بۆ ئەوی دیکە دەشکاند.

شیعر مەزنترین تاوگیری و هۆش ورووژانەوەیە، شیعر ئەندێشەیەکی فەڕسک و بەرواڵا و فراوانە، دەربڕینە لە هەوکی کەسایەتی و چێژ وەرگرتنە لە خوڵەمێشی کوورە جۆشخواردووە نەسرەوتەکەی مێشک و دەروون.

ڕوئیای تازەش بۆ شیعر ئەو ڕوئیایەیە ڕوخسارەکەی لە باوەشی ئەزموونەکانی ئەو بارودۆخە مرۆڤایەتییەدا بێت کە شاعیری تێدا گوزەران دەکات، هەوای هەڵدەمژێ لە شارستانیەتێکی پڕ ڕۆشنبیری و قوتابخانە و بەرنامە

پسپۆڕییەکان تێکڕای ئەو هەموو فرە ڕا و بۆچوون و ڕوونکردنەوانە ڕەنگدانەوەی ڕوخساری کۆمەڵگەی هاوچەرخن، هیچ ساتەوەختێک نابێ مەبەستی ئەوەمان هەبێت کە سیستەمی پێوەندییە مرۆڤایەتییە شاردراوەکانی ناوەڕۆکی شیعر بشێوێنین بۆ پێناوی خانەی تەقینەوەی زمان، چونکە بەم مەبەستە گومان و جەفەنگ بەداهێنان و لەدایکبوون دەکرێت.

سەرنج و بۆچوونەکانی ئادەمیزاد هەمیشە لە گۆڕاندا بووە بەرامبەر بەسروشت و خواوەندەکان، هەروەها لێ خوردبوونەوە و تێفکرین بۆ خودی خۆی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەتایبەتیش لەم دوو سەدەی دواییدا و بەشێوەیەکی سەرەکی پاش شۆڕشەکانی فیکری و پیشەسازی و ئاینی. بەم شێوەیە کاردانەوەکە لە هونەردا بەگشتی و لە دەربڕینی شیعری بەتایبەتی، سەر و سیمایە گۆڕانکارییەکەی وەدیار کەوت، گوزارشتی پێ کرا، لێرەدا شۆڕشێکی شیعری لە منداڵدانی شۆڕشە گۆڕانکارییەکانی بەرایی لە دایک بوو، بەسەر پێ کەوت.

وەختێک خەڵک خەریکی دروستکردنی کۆشک و باڵاخانە یان ماشێنی زەوی و ئاسمان هەڵدڕێن دەبن، شاعیر هەر هاموشۆی ئەوەیە شێوە بابەتە دەربڕینەکانی خۆی بووبووژێنێتەوە و زێتر خزمەت و پەینداری بکات.



هەروا کاتێک گوند دەبوونە شار و شارۆچکە ئەم هەر بیروڕا و بناغەی سەرنجەکانی لەمەڕ خودی خۆی دەپاراست بەوپەڕی بەرزفڕی (تبجح) و تڤەند و توانای دەروونییەوە بەرگری دەکرد، شاعیر لەگەڵ شارستانیەت دەڕوا هاوژینی نوێترین و تازەترین دیاردە ئەنتیکەکانی زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەمەکەی خۆیەتی لە منداڵی ناو بۆڕی شووشەوە تا دەگاتە ئیش و کارە سەیرەکانی ناو ماڵ لە لای خاتوو ڕۆبۆت و کاک ڕۆبۆتی کرێمەندەوە.

شیعری هەنووکە لە ئاستی فەلسەفە و ڕۆمان و هونەری پلاستیکی و بابەتەکانی تر ڕەت بووە، چونکە لە هەرە باسخوازەکانی دەربڕین و بەدیارخستنی گوزارشتکردنی نسکۆ و تەنگوچەڵەمەکانی سەرمەسەری هزر و ژیاندا ڕابەرایەتی دەکاتن، وەک هێگل وتەنی شیعر هونەری هونەرەکانە، لە هەمووان مانابەخش و کارتێرترە.

ئەگەر هاتوو ئەرکی توێژەرەوەی شیعر هەڵستان بێت بەکاری سوکرات و لە مامانیکردنی دەق و سەرلەنوێ ژیاندنەوەی دڵ و مێشکی خوێنەردا، ئەوا ئەرکێکی تر هەیە لە ئەم کەمتر نییە، ئەویش خۆشاردنەوەی کەسەکەیە بەپێی توانا و تاقەت و وزەی کە بەمجۆرە کارانە هەستاوە.

دیراسەکردنی هەر دەقێک لە دەقەکان هەڵوەستەیە لەو شتە

لابەلایانەی بینای دەستەواژە و هەڵبژاردنی وشەی ڕواڵەتی مۆسیقا و دەنگەکانی لێ دروست بووە، هەروەها مانا بەخشینیان لە باگراوەندی عەقڵی و فەلسەفی شاعیر و چەرخەکەی. دیراسەوان یان ڕاڤەکەر تەنیا ئەو دەلیلەیە یان ڕێنوێنییەیە یارمەتی شاخەوانەکە دەدات کاتێک کە پەتی بەسەرکەوتنی (هەڵشاخان) بۆ ئامادە دەکات، بۆ هەوڵدانی گەیشتنە سەر شاخەکە یاخۆ بۆ پەڕینەوە لەو شوێنانەی سەخت و دژوار و ئەستەمن. بەڵام سروشتی ڕێگەیەکە و ئازار و تام چەشتنەکە لەو گەشتەدا هەمووی بەپتوونی بۆ شاخەوانەکەیە، هەر ئەو دەتوانێ بەڕاستی و پاکی ڕاز و نهێنییەکانی گەشتەکە ڕوون بکاتەوە، کەسی دیکە نییە وەک ئەم خۆی تێدا بدۆزێتەوە، ئاشکرا و بەدەربێخێت. بێگومان سەدەی نۆزدەم بەو دەستکەوتە بەرز و فراوانییەوە جۆرەها بەهرەی شاکاری شیعری بەدەستەوە دا، هەر بەتەنیا چەرخی وردزووڕس و هۆگو و مالارمێ نەبوو، بەڵکو چەرخی وایتمان و رامبۆ و ئیدیکەش بوون، ڕێڕەوی شیعریش لەو کاتەدا زیاتر بەرەو لایەنی ئەزموونگەری کەسیەتی سەری هەڵدا، ئەو شاعیرە نوێخوازانەی دوای ئەمان دەستیان پێ کرد کە ڕەمزیخوازەکان لێوەی وەستابوون بەپاقژی و بێ خڵتی شیعر چوون، ڕۆیشتن، زیاتر گرینگیان بەناوەڕۆکی بابەتەکە دەدا



بەجۆرێکی وا دەتوانین بڵێین تا سنوورێک فۆرم یان شێوەیان فەرامۆش کردبوو.

نێتشە بەشێوەیەکی وا دەستی خۆی پێشخست نەخشەیەکی جودای بەناوبانگی هێنایە ئاراوە لە نێوان ڕەگەزەکانی شیعری ئەپۆلونیزم و دیۆنیسیۆزیشم دابوو، مرۆڤ پێویستی بەدوو شێوەی جیاجیا هەیە لەمەڕ لە بۆچوون و بەخەیاڵ ڕێگرتنە بەر پێش ئەمەش جیهانی خاو و خەیاڵی ئەپۆڵونی بوو کە لە دەوروپشتی خواوەندەکانی ئۆلیمپ دەخولایەوە، لەو بابەتە لەو بۆچوونانەدا مرۆ یان خود بەنەرمونیانی هەموو ئومێد و هیوای ئاشکرایە هیچ هەور و تەم و تانە و تەمێکی لێ پەیدا نابێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە جیهانیی دیۆنیسی هەمیشە، لە ورووژاندن و تێک هەڵقرژان و نیگەرانیدا دەژی حەز و هەست و ئارەزووەکانی هیچ هێوربوونەوە و هێمنی و ڕوونی و هیوایەک بەخۆوە بەدی ناکاتن لێشیان دیار نییە، بەڵام هەستێکی سەرسوڕهێنەرانە و حەپەسانی و ڕاجفڵەکێنی بەتوانای خۆبەدەستەوە دانە بۆ هێز و پەناهەندانەی وڕی و گێژی تەزین و بێ هۆشیدا. هانا بردنە بۆ بەری ئەودیوی هۆشەکان، خۆلەبیرچوونەوەیە لە نێوان سروشت و بارودۆخی ناعەقڵانیەت، ڕووەو زێدەتر سەرکێشی و سەرکەشی و هەڵپەچوونە.

شاعیری نوێخواز لەو دنیایە پڕ سەیر و سەمەرەی

پێشکەوتن و گۆڕانکاریدا هیوای خۆشگوزەرانی و ئامانجی لە سنووربەدەری گەرەکە، باری مەسئولیەتی گەورەتر و سەختترە و زۆر بەئێش و ئازارترە لە شاعیرەکانی بەر لە ئێستەی، کە لە زەمەنێکی جیاواز و سەرەتایەکی هاسان و سادەییی بیرکردنەوە دەژیان کەمتر هەستیان بەخودی خۆ و کەسیەتی دەکرد هەروەها ترسی نەوێرانی دەربڕینی خەفە شاردراوەکانی لەبەر دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە. ئینجا لەبەرئەمەیە شاعیر ئێستەکە زیاتر بەرامبەر ڕاستگۆیی و ڕووبەڕوو بەرپرسیاری زەمەن دەبێتەوە.

# پۆل ڤالێری

پۆل ڤالێری ئەو مێرە شاعیرە لەدایکبووەی نیوەی چوارەمی سەدەی نۆزدەم، شیعرەکانی لە تۆقەڵە هەرە بەرزە سەختەکانی شیعری ژیری و پەتی دەژمێردرێت، شیعری فەڕەنساوی لەسەر دەستی ئەم هونەرمەندە گەییبە ئەوپەڕی ئاسۆی پەرەسەندنی.

شیعر لای ڤالێری سەرباسقەی هەموو مەسەلەیەکی دیکەی ژیانە لە ساڵی ١٨٩٦ لە نووسین دەوەستێ، ساڵی ١٩١٧ لەپڕ چامەی " خواژنی قەدەر" دەنووسێ کە چوار ساڵ و نیوی ڕەبەق پێوەی خەریک بوو، ئەم چامە تەمومژاوییە جۆرە شیعرێک بوو لەو کاتەدا ئەدەب بەخۆوەی نەبینیبوو، "هیرودیاد" و "فان" دوو شیعری بەهرەداری (مالارمێ)ن" ١٨٤٢–١٨٩٨" ئەمانە دوو نموونەی سەرەتاییی خواژنی قەدەرن لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا نەمری و بەهرەی مەزنایەتی پێ بەخشرا، بەیەک هەنگاو خۆی گەیاندە قەرەی مەزنایەتی خاوەنی کتێبی (دانیشتنێکی شەوانە لەگەڵ مسیۆتیست) دەبێتە شاعیرێکی پایە بەرز.

مسیۆتیست لە دەرەوەی کۆمەڵگە دەژیا دەیویست خۆی لە



هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دابڕێ، هەرگیز پێ نەدەکەنی، خواحافیزی و بەیانی باشی لە کەسێک نەدەکرد، ئەگەر یەکێ تەندروستی بپرسیبایە خۆی لە گێلی دەدا، ڕووی وەرنەدەگەڕاند، کاتێ میوانی دەهات دەچووە ناو نوێنێ و دەخەوت، وای لە مەدام تیست کردبوو هەڵس و گوزەرانی وا بکات کە ئەم وجودی نییە، هەر خەریکی خۆیەتی هەست و کەوتی لەنگ ڕووگرژە، گۆشەگیرخوازە، نێروسێسیە، خەمۆکاوی و ڕاڕایە. هێزی نەوەی ئەناتۆڵ فرانس (١٨٤٤–١٩٢٤) لەوەد ابوو گشت هەواڵ و کون و قوژبن و کەلەبەری مرۆڤایەتی و دەوروپشتی ئاگەداربوون ڕاستەوخۆ پێوەندییان لەگەڵ خەڵک و جەماوەر هەبوو، سۆز و دڵنەواییيان بەرامبەر دەردەبڕی، نیشان دەدا، دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکردن، بەهۆی ئەدەبەکەیانەوە هاوبەشیان لە ژیانی ڕەمەکیدا دەکرد.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانەوە نەوەی ڤالێری هێزی تێکۆشان و ماندووبوونی تاکەکەسی و خوردبوونەوە لە ناخ و ئەندێشە و دەروونی خوددا بوون.

ئەوەی شایانی باسە دوای مردنی ڤالێری شانۆگەر (فاوست وەک دەیبنم mon faust) کە لە ژیانیدا تەواو نەکرابوو بڵاو کرایەوە.

قەسیدە لای ڤالێری مەسەلەیەکی فیکری ئاڵۆزە، تێکۆشانە

لەگەڵ ئەو شەرت و مەرجانەی شاعیر بەسەر خۆیدا چەسپاندووە، کەواتە بەر لە هەموو شتێک شیعر کارێکی بیناکردن و تێک هەڵکێشانە، قەسیدە بارێکی قورسە شاعیر بەشێکی لە کۆڵ کردووە بۆ سەربان بەرزی دەکاتەوە، خوێندەواریش (گوێگر) ڕێبوارێکە لەناکاو لەپڕ بارەکەی بەر دەکەوێت، بەردەبێتەوە سەر و گێلاکی لە ئەنجامدا ڕێبوارەکە سەرنجێکی خێرا و کوێرانە لە شاعیرەکەوە دەگرێت.

شیعرەکانی ڤالێری لەمەڕ باس و خواسی هەستانەی فەلسەفەی ڕووتن ئەمیش وریابوونەوەی ویژدان و مەزندەیە، لەرینەوەو بەئاگاهاتنی تەزووی بەیەکگەیشتنی ژیری و هەستەکانە، هەر لەو پێودانگە فیکرییەوە لە ژیانی ئەدەبی خۆیدا بیست ساڵی تەواو لە نووسینی شیعر وەستا.

نرکە و نەعرەتەی کۆڕژنی شیعری پاک و بێ خلّت لە دەمی سەرەنگوستەکانی ئەم مێرخاسە هاتە کایەوە، شاکارەکانی لە یەکەم برگەی مێژووی شیعردا تۆمار کراون گەیشتوونەتە کەشکەلان، ساڵی ١٩٤٥ دنیا شاپترین دەکات، جێی دەهێڵێت، خاکیش دەیکاتە چەند ژەمێک، هێدی هێدی دەرخواردی کرمەکانی نێو ورگی دەدات.

ڤالێری لە بارەی خۆی دەدوێ و دەڵێ:

"ئەو مەردومە بەحورمەتانە دەمکوژن، ئایا دەزانی



دەبێ چی لەسەر گۆڕەکەم بنووسرێ؟: ئا لێرەدا پۆل ڤالێری نێژراوە، خەڵک چەوساندیانەوە تا فەوتا".

ساڵی "١٨٧١" لە دایکێکی ئیتاڵییەوە میوانداری ئەم جیهانە ئالامووتەی کردووە، لە شاری (سیت)ی کەنار دەریای سپی ناوەڕاست پێی گەیاندووەتە زەمین، هاموشۆی یانەی مالارمێ و هاونشینی کۆڕی ڕەمز و خوازەکانی دەکرد بۆیە بەیەکێک لە شاعیرە بەردەوامبووەکانی قوتابخانەی ڕەمزی دەژمێردرێت، کە لە چەرخی نۆزدەم سەری هەڵداوە، ئەوەی شایانی باسە بەئەندامی ئەکادیمیەی فەڕەنسی کۆلیج دی فرانس هەڵبژێردرا، هاتە شوێنی ئەناتۆڵ فرانس لە کورسی هونەری شیعردا، ئەو هەڵبژاردنە وەک دانپێدانانێکی ڕەسمی بوو بۆ ئەو دەستە و تاقمە ئەدەبییەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دەرەوەی یاسا بوون، کاتێ ساڵی ١٩٢٠ چامەی (گۆڕستانە دەریاییەکە) دەنووسێ، مزگێنی وێنەی شاعیرێکی کامل و بلیمەتی ڕەسەن و وردبینی، خاوەن هێزێکی ڕەوانبێژانەی چاوکراوە بەدنیای شیعر دەبەخشێ.

مارسیل برۆست دەڵێ:

"کاتی منداڵیم، لە مێژووی پیرۆزدا کەسێکم لە – نوح – شەکەستر بەرچاو نەدەکەوت".

لە دنیای شیعریشدا کەس لەو شاعیرە جۆمەردە لانەوازتر و

هیلاکتر بۆ مەسەلەی گەورەیی پیرۆزی شیعر نەبیستراوە.

"ئەو دژواریانەی لە لای ڤالێری بەدی دەکرێت، لە ویستێکی تازەی دەستپێکەری مەزندەی فەلسەفییەوە سەرهەڵدەدات، چونکە ژیان لای ئەم شێواندن و تێکەڵاوییە کەسیەتیش ڕێکەوتە، خود ڕوویەکی پووچەڵی خەیاڵە شاردراوەکانە تا – ژێر – سەرفرازییەکەی وەدەست دەهێنێت".

نائاساییی شیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ تەمومژاوی شوێنگە و گوزەرانییەکەی، هەروەها وێنەی سروشت و کلیلە شیعرییەکان چاوگەیەتی هۆش و فەلسەفین لەمەشدا جەوهەری شیعری پەتی سەرهەڵدەدات.

پاش جەنگی دووەم قوتابخانە و ڕێبازگە بزووتنەوە ئەدەبی و شیعرییەکان هیشکیان کرد، هەڕمێنیان نەما، هەر شاعیرێک بووە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بەخۆ، ئەزموونی کەسیەتی کرا بەبناغەی ئەزموونگەری لە شیعردا، ئەمەشیان فرە چەشنەو ئازادی زێدەتریان بەدنیای شیعردا بەخشی، پێوەی نووسا، شیعر لای ئەم وەک خانەکانی شەترەنج و مەسەلەی ماتماتیکانەیە، لە شیعری هەرزان و بەهەڕمێن ئەشقیا بوو، هەر لە هەوەڵەوە خولیای بەشیعری پەتی گرت هێز و پەنهانییەکی گەورەی لە بیر و هۆشدا سەری هەڵدا هەر





لە منداڵییەوە بەشیعر ناوزەد کرابوو، بەرجەستەی زەین و مێشکی بوو، شیعری – نووسیوە زمانی ڕسکاو، بەتین، پڕ مانا، بەرگەدار و گوزارشتی پێ دەردەبڕی، شیعری وا پێ ناساندین کە زەمانێکە لە ناو زماندا، بەمجۆرە پێبلکەی سەرکەوتن بۆ نووسینی شیعری پەتی Lapure poesie لێرەوە دەست پێ دەکات.

# زمانی شیعر – شیعری پەتی

وشە لە زماندا، یان پەیڤ یاخۆ سەرەتای نووسینی گشت شاکارێک و دەقێکی ئەدەبی بەتوانا، دەوری پەیڤەکان یا دەروازەی زمانە شیعرەکە چ کار و کاردانەوەیەکی نەفرەجاتە لە ڕستەی شیعریدا چۆن کارتێکردنێک لە خوێنەر دەکات؟ چۆن بەخۆیدا دەچێتەوە؟، بەتایبەتی لە بابەتە بۆچوونەکانی ئێستەکەی شیعری نوێدا، وردڕوانین و هونەرکاری لە شیعردا ڕووی ژوورەوەی پلە و مەودای دەسەڵاتی شاعیرە بەسەر زماندا.

زمان خۆی لە خۆیدا هونەرێکی سەربەخۆیە،بەڵام شیعر لە ناو ئەو سەربەخۆییەدا سیفات و شێوەیەکی دانسقانە بەخۆوە هەڵدەگرێت، سامانی زمانەوانیی شاعیریش لە دەقەکەدا تام و لەزەتێکی هەمیشە بەردەوامی بەبەرهەمەکە دەبەخشێت، پاش شل و خاوکردنەوەی هەویرە زمانەوانییەکە سەرلەنوێ داڕژانەوەی وشەکانە لە شوێن و جێگەی لێوەشاوەی خۆیاندا، کاتێ لە دەستاوەکە ڕزگاری دەبێ کاکڵەکەش زەرد هەڵدەگەڕێ و دەگەیی.



ئەو دژوارییەی لە نێوان وەرگر و شاعیر دێتە گۆڕێ لەسەر پلە و ئاستی ئامادەبوونی وەرگرەکە دەوەستێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ جۆر و شێوەیەک ناکرێ خواردنە شیعرەکە ئەوەندە نەرم و سانا و ئامادە کرابێت، وەرگر یان خوێنەر یەکسەر بەچاوپێداخشاندنێک قلووفی بکا، هەڵی لووشێ تەنانەت زەوق و چێژی ئەمەشی نەبێ دەمی لێک بدات و، بیجووێ.

شاعیر چەند وێنەیەکی لەباریەک و تێکچڕژاو دەهێنێ، دوای وێنەیەکی دژ بەو وێنەیەمان لە پاڵدا نیشان دەدات، کە لە پاشخانی وێنەی یەکەمدا پەیدا بووە، کەچی لە نێوان ئەو وێکچوونەی کە لە هەردوو وێنەکەدا بەرچاومان دەکەوێت وێنە تازەکان و ئەو وێنانەی لە جاری دووەمدا پەیدا بووبوون بەچاو نادیترێن، تەنیا لە هەستدا نەبێ لە تەک قەسیدەکەوە ئاگەداری دەبین، بەمجۆرە بەرەو پشکنینی و تۆژینەوەی زمانێکی خودان شێوە داڕشتنێکی ناوەڕۆکی پڕشنگداری تازە دەچین، ئەویش زمانی شیعرە.

شیعر لە ناخی خوێنەر دەکەوێتە گفتوگۆ و ئاخافتن ماوەش دەمێنێتەوە بۆ لێکدانەوە و شیکارکردنەوە، کاتێک ناوەڕۆکەکە هەرس دەکات یەکسەر ئەزموونی تاقیکردنەوەکان و لە بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی دەخاتە جووڵە و دەیورووژێنێ، بەگرِی

دێخێت، وەک ئەوەی بیەوێ ئەنجامی ئەزموونە کیمیاگەرییەکەی دەستگیر بکات زوو بگاتە ئاژاشکە (رعشة)، بەمەفهوومێکی تایبەت بەخۆ، بەم شێوەیە مۆسیقا شاردراوەی پەیڤەکان لەودیو هۆشیدا بەنەرمی دەزرنگێتەوە.

ڕۆلان بارت دەڵێ:

"نووسین پرۆسێسێکی ڕووخێنەری تێکڕای ئەو نووسینانە دەڕووخێنێت کە لە چرکەیەکدا بنیات نراون، کاتێ نووسەر شێوازەکانی پێشتر و بەراییی خۆی دەڕمێنێ، لە هەمان کاتدا شێوازێکی دیکە دادەمەزرێنێ کە جیاوازە، ئەم شێوازەش بەردەوام چاوەڕوانی کارێکی تێکدەرانەی تازە و نوێ دەکات تا لە نۆژەنڕا بنیاتی بنێتەوە."[1].

ڕوون و ئاشکرایە زمانی شیعر زمانی دیکە نییە لە کاتی گفتوگۆ و قسەی هەڵپچڕای ڕۆژانە بیر و مەبەست و هۆشمان بەخەڵک ڕابگەیەنین، کەواتە زمانی شیعر زمانێکی ترە لە ناو زماندا دوای ئەوەی توێکڵی گوێزەکە دەشکێ شیعر خەریکی هەرسکردنی کاکڵەکەیەتی.

شیعر لە پەیڤ دروست دەکرێت وەک مالارمێ دەڵێ، لەو وەختەوە لەسەر ئەم پەیڤانە پێویست بوو جودا بکرێنەوە لە وشە سادە ئاساییەکان، هەروەها فەرمانێک بەخۆوە هەڵبگرێ



بۆ شێوەیەکی لەبارتر بگواسترێتەوە[2].

دەقی گەورە هەمیشە دەقێکی نیگەرانی ئێستە و ئایندەی ئاسۆی زمانە، گیانیشی تۆنترەقەیەکی زمانە لە ناو زماندا، ڕوویەکی نامزەدی گەشاوەی شیعرە، بەهیچ کار و شێوە و بابەتێک پێخوستی لە ناو ڕەگەزەکانی تری ئەدەب نابینرێت، شاعیر و شیعریش ڕووی سێیەمی تارماییە دیاردە ساکارەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەموو مرۆڤێکی ئێمەمانانین.

هەرچەندە زمان ڕازگری کەسیەتی تایبەت بێت، هەرچەندەش بیرکردنەوە بەهۆی وشە لە دەروونمان نزیک بێت، ئەوا ڕەچەڵەکێکی سوودمەند و مەبەستێکی پیشەییی تەواوە، لێرەدا گیروگرفتی سەرەکی شاعیر ئەوەیە لە یەخەی داوی کەلوپەلە پیشەییەکان ببێتەوە، بواری بەهرەداری پیشەییەکە لە ناوەڕۆکدا پیشەیی نییە[3].

شیعر توانا و هێزێکی ئاشکرای هەیە بۆ ئەوەی تەکان و ڕاچەنین ببەخشێتە ئەو پەیڤانەی شاعیر کەمۆی کردوون بۆ دەربڕینی عالەمی ئارەزووی مەبەستی هەستەکانی، بۆ گەیشتنە پایەتەختی شتە پیرۆزەکانەوە بەوشە ساکار و سادەکانی زمان، ئەمیشیان ئەو ئامراز و پێوەندییانەن کۆمەڵ و دەوروپشت پێی دەدوێن، گفتی پێ دەدەن، کەچی لە شیعردا نهێنیی سیحرێکی تایبەت تەمومژاوی دەپۆشن بەوپەڕی هێزی

و بارگەدارییەوە (مشحون) دەخزێنە ناو ڕستەی شیعرەکان بەکوتەک شوێنی خۆیان دەکەنەوە، هەرچەندە کەرەستەی خاو لە هەردوو حاڵەتدا وشەکانی سەر شەقام و بازاڕن، مامەڵە و ئاخافتن و دواندنی سەرزارەکی ئەم و ئەون... تاد. بەڵام هەرچی شاعیرە هەڵساوە زمانی مامەڵەکردنەکەی لە هەسان سوویەوە، تیژبووەتەوە، لە تەنیایی و یەکلایەنی بەجێی نەهێشتوون، تڕوتاڵی داماڵیوە بەسپی و پاقژی خراوەتە خانەی شیعرییەوە، ئەمەشیان هەوڵدانێکە بۆ هاوبەشیکردنی زمانی ڕۆژانەی خەڵک لە ناو زمانی شیعرنووسیدا لە کاتی خوێندنەوەش یەک ڕکێف بیر لە نهێنییەکە دەکرێتەوە، سەرسوڕمان و شاگەشکەبوونێک لە لات دروست دەکات.

ڕەنگە کەس ئەوەندە بیری لە پێوەندی نێوان شیعر و زمان نەکردبێتەوە وەک ئەوەی ڤالێری بۆی چووبێت مامەڵەی لە تەکدا کردووە، لە کەشکۆڵی شیعرەکانی خۆیدا بەرەو ئەو ئامانجەی بەڕێ کردوون. نووسینی شیعر لای ئەو چوونە خوارەوەیە بۆ فرە چین چینەکانی بنەبانی زمان، کەواتە شاعیر خۆی تەرخان دەکات بۆ پێ ناسین و دروستکردنی زمانێک لە ناو زماندا، ئەو جۆرە کارانەش ئەوەندە درێژکێش و وردن پێویستیان بەسیفات و ڕووکەش و شارەزای ڕواڵەتەکانی بیرەوەری و خەونە شاردرانەکانەوە هەیە، قەتاوقەت بەئاسانی کارەکە دروست



نابێت، نایەتە دەست، چونکە دوانبێژێک پێک دەهێنێت بۆ کەسانێکی شارەزای بلیمەت و تێگەیشتوو و خاوەن زەوقێکی پاک و جوان و سەرکەوتووتر لە بۆچوونە سەقەتەکان گوێگری نەخوێندەوار! ئەم وتە و مەبەستانە بەهۆی ئیقاعەکانەوە دەبنە پاڵپشتی بەرهەمە دەستکەوتووە ئەنجامدراوەکە. کەواتە زمان شوێنگە و زێدگەی تەکاندانی شیعرە، زەبروەشێنە لەوێندەرێ تەکانبەرایەتی دەکات و ڕادەچڵەکێ، دێتەوە هۆش و هەر لەوێندەرێ چاک دەکرێ، فرچک دەخوا، سەرلەنوێ دەبووژێنەوە.

لە ناو هەر قەسیدەیەکدا قەسیدەیەکی تر دەزێ، ئەویش زمانە. ئەوەی ئارەزوومان بێ و قەناعەتمان پتەو ڕەگاژۆ بکات لە گەشەکردن ناوەستێ، تا بەتەواوەتی خەست و ئامادە دەبێ لە لای شاعیری هونەرمەندەوە بۆ چەسپاندنی مشتوماڵکردنەکەی زمان پالاوتراوی دوای وردەکاری، کاتێ لای شاعیرێک دەخرێتە قاڵبی شیعرەوە ئەوا بەتایبەتێکی نائاسایی لە زەوییەکی شیعری بەفەڕسک و پیتێن، گەشە دەکات، بەم دەربڕینە کەسیەتی شاعیر بەگەوهەرێک دەشوبهێنرێ خرابێتە لەگەنێکی شووشەی پڕ ئاوەوە، ئەم چەشنە بەکارهێنانە بەرهەمێکی تێروتەسەل دەداتە دەست، هەروەک (ئووم)ە لە فەلسەفەی هیندیدا، نیشاندەرێکە گەواهی ئەوە دەدات ئەو

مادەیەی دەیخوێنێتەوە خەریکی بوویت شیعری ڕووتە، چنگ لە عەقڵ گیر دەکات مەزەندەت دەخاتە ورووژان و هەڵچوون، زەفەر بەخوێنەر دەبات دەیوەستێنێ حەپەسان دەیگرێ، چونکە شیعرێکە پاڵنەر و ئاسەواری خۆی هەڵگرتووە.

ئەگەریش نا، بەپێچەوانەوە ئەمەیان تەنیا جۆرە نووسینێکە سیما و ڕوخساری ڕەمەکی پێوەیە، ئەگەر لەمەشیان ترازا بەرهەمەکە لە لێوار گۆمێکی مەندی بەترس و تەڵەزگە قوونەخشکێ دەکات بەرەو خنکان پەل داوێت.

شاعیر دەبێ شێوازە ڕەسەن و ڕواڵەتە هەمەلایەنە پەیڤ و موفرەداتەکان یەخسیر و دەستگیر وماڵی بکات، لە هێزەکەیدا بڕسکێنێت، ڕەوشەن دەبێتەوە، ئەوساکە دەسوێ دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆ بەدیارخستن و دۆزینەوەی ڕوخساری جێشوێنە تایبەتییەکە لە گۆڕەپانە بەرفراوانەکەی شیعر.

هەڵکەوتنی جێگەی ئەو پەیڤانەی ترووسکاییی ئۆرڤەندی شیعریان لێ ڕەچاو دەکرێت بەتایبەت لە کۆتاییی ڕستەی شیعریدا ئەو کاتە بەیەکجارەکی بەرەو دەروازەی عەرشی ئافەریدەکاری شیعر دەچێت شیعریان پێ دەنووسرێتەوە.

شیعری بەرجەستە نابێ تەنیا لە بەردەوامی هەمیشە ڕسکانی زمان نەبێت، ئەویشیان بەهۆی پلیشانەوەی ڕەخنە وشکەکانی زمانەوانی ئیلتیزام نەبوون بەزمانی قوتابخانەیی



هەروەها جێگۆڕکێی شێوە ڕێکخستنی ئاسایی وشە داڕشتن، لە پێناوی وەدەستکەوتنی ڕستەی تازەدا، خەستکردنەوەی وێنەی شیعری یاخۆ ئەگەر ناوی بنێین ڕستەی شیعری ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکیانە دەگێڕێت بۆ دەستەمۆ و کەمۆکردنی بەمەبەستی هێنانە کایەوەی ڕەخساندنی دەقی شیعری پەتی پەیڤە بارگەدار و پڕماناکانیش لەم جۆرە وێنانەدا بەئاشکرا هەست بەگەورەیی و مەزنایەتی کاردانەوەی دەقەکە دەکرێت.

شاعیر هەڵساوە بەگلدانەوەی ئاورینگی پەیڤەکان بۆ پێکهێنانی چەند وێنەیەکی ماقووڵانەی خودان ئەندێشە و خەیاڵی بەتوانا لە گشت پێوەستە ناشیعرییەکان داماڵراون بۆ پێناوی بەرژەوەندی دڵنەواییبوون لە گەرایە تازەبووەکانی شیعری پەتی، بەم شێوەیە دۆزینەوەی دەرخستنی مۆرک و ناوەڕۆکێکی گۆڕدراو لە فۆرمی نەگۆڕدراودا دەخوڵقێنێ، دیسان بارێکی لەبارتر و بزووتنەوەیەکی دینامیکانەی تەندار بەشیعر دەبەخشێت، ئەوهاش دیەلۆگی دیالەکتیکێکی توند و تۆکمەی بەهێز لە لای چەشنە لایەنەکانی تر دەتەقێتەوە لەناوێژەنی خەنەبەندانی شیعر فراژی دەبن، پێداویستی شیعر بەهیچ شێوەیەک بواری لێک جیاکردنەوەی فۆرم و وشە هەستییەکان نادات، ئەو بیرۆکانەی لە دەمی شیعر بەرچاو دەکەون و بەرجەستە بووینە، دەوترێن یان ئاماژەیان بۆ

دەکرێت، هیچ ساتەوەختێک ئارمانج و مەبەستی سەرەکی نەبووینە لە دەقی شیعری هاوچەرخدا.

ڕستەکان تێروتەسەل، پڕ مانای هەستدار دەبن کاتێ کە وشە هەڵبژێردراوەکان لە چوارچێوە فەرهەنگییەکان قوتار دەبن، دێنە دەرێ، دەدرەوشێنەوە لە ئاسمان و ڕووپێوی ڕیسمانی دەقەکان. هەروەها وشە پاککراوەکان خۆیان مانای بەبار و جوانی پڕ سیحر و نهێنی بەخۆوە هەڵدەگرن، ئەمیشیان بەگوزارشت کردنە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە بەپێودانگی هەست و نەستی زەخیرەی ناو عەمباری یادگەدا (الذاكرة). هەر کاتێک کردارە فرە بوو، بەکارهێنانی وشە کەم دەبێتەوە. ئەو کارە هونەرییەی کرداری زۆر تێدا بێ بەکارێکی هونەری جسن دەژمێردرێ، هەر وشەیەک بەس نییە لە شوێنێکی شیعرەکە ڕاکشابێت، بەڵکو دەبێ وەک پێداویستێکی حەتمی لە دەرەنجامی پێداویستێکەوە هاتبێتە ئاراوە، لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە وشە کەم بەکار بهێنرێت، بەکەمترین وشە بالاترین و بەپێزترین مانابەخشێ. هونەریش بەبێ خەست و چڕی و کورتکردنەوە ترووسکاییی بلیمەتانەی نابێت جەوهەری شیعر ئەوەیە ناوەڕۆکێکی چڕی بەخۆوە هەڵگرتبێ تا ئامانج و مەرامە سەرەکییەکانی لە دەقی شیعری هاوچەرخدا سەرهەڵبدات..



تا ناوەڕۆک چڕتر بێت کارتێکردنی لەسەر خوێنەر زیاتر کاریگەرتر دەبێت[٤].

شیعر دروستبوون، تەقەڵلایە لەیەک بردن و لێک کێشانەوەیە جۆرە خوڵقاندنێکە ئاوەز و هەست و هۆش لە باوەشی یەکتریدا لە تایبەتییەوە بەرەو گشتی دەچێ، بەپێچەوانەوەش هەر ئەمانە کۆڵگەی ژووری ئەپارتمانی شیعرن، سەربان و ژێربانەکەیە، هەروەها ڕووخاندن و بیناکردن پێکەوە بەرپرسیارن بۆ ئەنجامدانی بینای تەواوی شیعرەکە. مەبەستی خەیاڵگەشی، مەبەستێکی سەرجەمی و سەرتاپاگیری هەیە، ئەنجامی سەلماندن و هۆیەکان لەپڕێکەوە ناداتە ئەنجام، بەڵکو ئەم لە نێوان تێکڕای خوێندنەوەکە ئیرادە و ویستی دەگەیەنێتە بارێکی ڕووت، وا هەست دەکات کە بەسانایی یەخسیر دەبێت لەجیاتی ڕووناکیی هەتاو خۆی لەبەر تیشکی چامەکە دەبینێتەوە. تێگەیشتن و هەرسکردنی شیعری پەتی هەر بەتەنیا ئەوە ناگەیەنێ پسپۆڕێک یان تایبەتمەندێک دەربارەی دۆزینەوەی ڤایرۆسێکی تازە دۆزراوە بئاخڤێ، کەچی ئامانجی پرسیارکردنەکە (تساؤل) ئەوەیە بگەینە بنەوانی ڕاز و پەنهانی جۆری مامەڵەکردنەکە لەو بابەتەدا، کەوا چۆنیەتی قەلاچۆکردن کەرەستەی خڵت و پووش و پەلاشە کە بەچ شێوەیەک ئەنجام دراوە، ئەو لێک جوداکردنەوە و پاککردنی شێوە زمانی هۆز و

تیرەی ئەلە و جەلە چۆن بووە.

لە ڕاستیدا ئەوەی پێی دەوترێ چامە، پێکهاتووە لە چەند وردیلە شیعری بێ گەرددا باسی سەرباسخواسەکە کراوە ئەو ڕستە شیعرییەی لەوپەڕی دڵڕفێنیدا بێت ئەوا توخمە شیعرێکی ئەوپەڕی بێ گەردییە، هەروەها بەخوردبوونەوەی خوودانە لە شیعر ئەوها بەم شێوەیە لەو حاڵەتانەدا دەتوانین بڵێین وا خەریکین لە یەکەمین پایەی دەرماڵی هونەری شیعری ڕەها بەسەر دەکەین.

حەز و ئارەزووی وێکنەچوون دەکەین لە چێژ و ڕای خوێنەر، کەچی ئەم وێکنەچوونانە یەکەم جار پێویستە لای شاعیرەوە دەست پێ بکات. لە تەکنیکەکەشدا مەرجە (من)ەکە بشارێتەوە، زەوق بەدیار نەیەخرێ، هەرچەندە شاعیر دەبێ پاشی ئەمانە بەدەنگ و کەسیەتی خۆشی بچریکێنێت، چریکاندنێکی هونەرییانە، چونکە بەدوای وێکچوونێک دەگەڕێ جیهانی ژوورەوە و سۆزە تایبەتییەکانی تێدا بئاخنێ، بەشێوەی هێنانە دەرەوەی تاڵە موویەکە لە بادیە ماستێکی گەورە.

(من)ە کە لە جەمسەرێکی مووەکەوە دەخوێندرێتەوە بۆ ڕووەو سەرکەوتنی ناخی شاعیر، هەر ئەمیش سەرپەرشتکەر و شمشێرە دەرگەی زمانی شیعرەکەیە. خوێنەری شیعری نوێ موعاناتێکی سەخت و دژوار بەخۆوە دەبینێت تا نهێنی و



جوانی شێوازی دەقەکان تێ بگات، چێژ وەرگرێ، موعاناتەکە سەختتر دەبێ، گەلێ جار دەگاتە ڕادەی بێزاری و وەڕسبوون لە دەقەکە. ئەوەی جێگەی ڕوونکردنەوەیە زەحمەت یان درەنگ تێگەیشتن لەو شیعرانە بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ تەوەزەلی و کەموکوڕی کەسە خوێنەرەکە و، نەبوونی خەلفیەتێکی ئەوتۆ دەرەقەتی بێت. ئەمەیان لە لایەک، وە لە لایەکی ترەوە ئاڵۆزی و چڕی بەکارهێنانی خەیاڵی قووڵ لە زمانە نووسینی دەقی تازە بابەتدا، هەرچەندە ئەویشیان سیما و ڕوخساری سەرەکین لە شیعری نوێ، ئەو دیاردەیەش قەتاوقەت لە فرە دیاردەکانی تری هونەری بەگشتی جودا ناکرێتەوە، شیعریش لە هەمووان سەرسوڕهێنەر و سەرچڵترە. مالارمێ کاری سەرەکیی شاعیری بەمە دەستنیشان دەکرد کەوا "کارێکی سیحربازانەیە" یاخۆ هێما پەخشکەرە، هێزی پەنهانی و تەمتومان دەداتە پاڵ ڕەمزەکانی وشەکانەوە، ئەو تەمومژە زوڵوماتەی شاعیر لێی دەدوێ لە تەنیاییی دوورەپەرێزێکەوە هەڵقووڵاوە. خۆی لە هاتوهاوار و قاژ و قیژی، داد و فیغانی ڕووناکیی جیهانە ئاساییەکە پاراستووە، چاوی نوقاندووە، لەئەندێشەدا ڕاچووە دنیای ناخ و دەروونی والآ کردووەتەوە خستوویەتییە سەر گازەری پشت، لەو بێ هێمنییە و ژیانە سەختەی دەرباز کردووە، ئەم تاریکاییە دوورەپەرێزی

دەبێتە مانگەشەوی ئاوەدانی خودی، دەگەڵ خەیاڵە گوڵە بۆندارەکان دەدوێ، دەکەوێتە گفتوگۆی پێگەیین و گەشانەوە، خونچەکانیش وا خەریکن دەبنە گوڵ، بۆن و بەرام پەرش دەکەن.

سۆراغ و پشکنین و نەسڵەمان بۆ زمانی پڕ مانا و بەپیت و بێ گەرد کە هەمیشە لە زمانی دواندنی رەمەکی و پەخشاندا بەدوورە. بەدوای شیعرێکدا عەوداڵن هێما و ئاماژەی بابەتی نوێ و پرشنگداری وەچنگ کەوتبێ.

شیعرێکی وا پێویستە خودی کەسەکە هونەرییانە لە ناو دەقەکەدا حەشار درابێ، پارێزراو بێت لەگەڵیدا تاوابێتەوە بەشێوەیەکی وا عەقڵی سادە و بەتاڵ نەتوانێ زەفەری بۆ بەرێ، یان داوای شێوە گۆڕینی بۆ بکات یانەکینێ مانای پووچەڵ و هەمبانانەی لێ دایەلۆچێ.

# گۆڕستانە دەریاییەکە

وتارێکە بۆ هەموو ئەو دەریایانەی لە مێژووی مرۆڤایەتی و لە سەرانسەری چەرخە هەرە کۆنەکانەوە هەبوونە، دەریای خاوەن سیستەم و یاسای تایبەت... پڕ لە پەنهانی بزر و شاردراوە... پڕ لە دوڕ و یاقووت.. مەنزڵگەی دەیەها گیانداران و بێ گیانان..

دەریای خاوەند دەسەڵاتی تایبەت بەرامبەر بەدانیشتوانی مەملەکەتەکەی، ئەو دەریایەی کە هیچ فەرمانڕەوا و پادشایەکی بەخۆوە نەبینیوە کار و گوزەرانی ژیانی هێمنی لێ بشێوێنێ یان سیماو ڕواڵەتی خۆڕسکیان بێنوێژ بکات.. ئەو دەریایەی بەجوانترین، بەهاترین خشڵ و بەرگ خۆی پۆش داوە.

شاعیر ئا.. لەو چەقەی نیوەڕۆیەدا بەحەزرەتی دەگات پێ داوێتە دەرگەی عەرشە مەزنە پیرۆزەکەیەوە لە دواییدا هەڵدەستێ پەیمانێکی بێ پەشیمانی مۆر دەکات. دەریاش پێشوازی لە پێخۆشحاڵی خۆی بۆ شاعیر دەردەبڕێت.

مادامەکی دەریای مەزن هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە، دەبا شاعیریش نهێنییەکانی دەروونی خۆی بداتە دەستەوە.





تەسلیم بەو هێز و پەناهەندانیەی ئەو فیردەوسە نەدۆزراوەیە بکات... ئەمیش بەئارەزووی خۆ ڕکێف و سوار سوارانێ جلیتبازی بۆ قووڵاییە بەسامەکان و تەنکاوە زیوینە گەنجینەکانی ئەودیو دنیای نەوەی دەریا لێ بدات، گوێ بۆ نزای ئارەزووەکانی شل و خەواڵوو بێ، با پەند و دەرسەکانی ئەزبەر بکات لە نوێژ و سرووتدا بیڵێتەوە.

شاعیر سەرلەنوێ ڕووی وەردەگێڕێ ڕووەو هەموو دەریای چەرخ و زەمانەی شوێنە نەدیتراوەکان، دەریای خەیاڵ و ڕاستەقینانەی کەوا هەن و ئەوانەی خۆی دەیخوڵقێنێت. شاعیر سۆزەکانی دەریا دەلاوێنێتەوە لە قووڵاییی دڵەوە گفتوگۆی هزری و عەقڵانەی لە تەکدا باس دەکات.

مزگێنێ موژدەی بەدەنگ هاتنی ڤالێرییە پاش گەشتە بیست ساڵەکەی. ڕەنگدانەوەی ئەو ماوە سست و کزەیە لە وەختێکدا بەڕەنگفتی هاتبوو، لەو چامەیەدا باسی ئەو تەکانبەریە توندوتیژە دەکات کە لە نێوان یاساکانی ژیری "بیرۆکە" و ڕووداوەکانی ژیان "سۆز" تێکەڵ یەکتری بووینە لەو تەکانبەریەدا شیعرێکی ڕەسەنانەی نەمر و پەتی دێنێتە بەرهەم، ئەنجامی دەدات.

دنیا، گەردوون، خوردبوونەوە، ژیری، نەست، وڕی، حەپەسان، جاویدانی، وەرەع، مەرگ، جوانی "عين اليقين"...

تاد، خۆیان ئاخنیوەتە خێوەتگەی قەسیدەکە لەم چەقەی نیوەڕۆیەدا لەسەر گۆڕستانێکی نزیک شاری دایکە ڕاستەقینەکەی (سیت)ی کەنار دەریای سپی ناوەڕاست، هەڵوێستەیەک دەکات، تێ دەفکرێ و بەخەیاڵدا دەچێ، ڕووبەڕووی سروشتی ڕووت دەبوورێتەوە دەشڵەژێ، ڕۆژ ستوونییە، لەوپەڕی هێز و بەتینیدایە، ئەم هەر حەپەسان دای گرتووە بێ چرپە و جووڵە، کشومات، هەست لە گیانیدا بڕاوە، دەریاش لە یەک عاستدا خۆی لێک کێشاوەتەوە بە درێژی پانایی سەرانسەری دنیا دەستبەسەر دەکات، لە خەونێکی شەکەستی چلەی هاویندا نغرۆ بووە، پاپۆڕ و گەمێیەکان دەڵێی ڕەوە کۆترن، لەسەر ڕووی ئاوەکە هاتوچۆیانە، وەک بڵێی ئاوەکە بووەتە ساپیتە و بان لە نێوان دارکەژەکاندا بریقەی بەدەردەکەوێت نیوەڕۆی بێدەنگ ئەو ڕەهاییەیە ڤالێری پەنای بۆ دەبات شەیدا و شاگەشکەی بەژن و بالاکەیەتی کە لە مێشکیدا پەنگی خواردووەتەوە هەروەها ڕووپای ئەم سالانەیە کاتێک ڤالێری لە شیعر نووسین دوور کەوتبووەوە. دوای ئەو خوردبوونەوە لە جیهان دەرچوونە هاوار دەکات. (ئەی نیوەڕۆیەکە بێجگە لە وسکتیەکەت هەر من پیاوە شێواوە بزرەکەتم، من تاکە خەوشی ناو ئەڵماسە مەزنەکەتم.)

مردووەکانی ژێر زەوی ڕەتبوون، چوونەوە بۆشاییە گەورەکە



بوونەتە قوربانی بەشێک لە سروشتی بێ گیان.

ئەم چامەیە گوزارشتی ئەو کارتێکردنەیە لە کاتی بەشادبوونی، دەریا ڕۆژ ئاسمان، ئەو بڵقە و وێژدانانەیە تووشی ناخی شاعیر دێن لە لای کێلە گۆڕەکانی دەم ئەو دەریایەی کە چارۆگەکان وەک ڕەوە کۆتر بەسەر ڕوومەتی ئاوەکە پەرت و بڵاو بوونەتەوە.

ئەو کەسانەی خۆشمان دەوێن ڕووی خۆیان لە ئێمە شاردووەتەوە، پشتیان لە ئێمە کردووە، مردن... خیانەتی لێ کردوون، بوونەتە بەشێکی گەورەی ئەو سیستەمە تەمومژاوییە نادیارە، کاتێک لە لایەنێکی مرۆڤایەتی بێبەری بوون، پاشان خاک هەلێ مژیون، برسیەتی خۆی پێڕ ڕەواندووەتەوە، نیوەڕۆ داوەڵێکە بۆ ڕۆژێکی زێڕینەی بێ کەموکوڕی، بەهیچ جۆرێک جوانی و ڕەونەقی دانامالدرێت، هەمان کاتیش لە سەلەکانی هۆشمەندانە بەئاگایە شاگەشکەیە هەست دەکات گەیشتووەتە ئارامییەکی بێ سنووری جاویدان، دەروونی زەینمەندی دەگەڕێتەوە ناو زاتی خۆی لە تەک کانیاوی خەیاڵگەیدا، دووبارە هەمدیسان بەهۆش دێتەوە، تاکە گۆڕانکارییەک بەسەر دەریادا هاتبێت تەنیا هەر بێدەنگییە، بێدەنگییەکی وا لە ئاستی دەسەلاتی ڕەشەبادایە، ئەو دەسەلاتە لەناکاوڕا دادەڕمێت بەرامبەر بەدیاردەی وەدەنگ هاتن، بەلام چی وەدەنگ

هاتنێک ؟ وەدەنگ هاتنی قەسیدەکە خۆی لە خۆیدا، هەر ئەو دژایەتییانەش بووە لە شیعرەکانی ڤالێری کە "هنری بزیمۆن" بڵێ:

"ڤالێری یان ئەو پیاوە شاعیرەی حەز بکا و حەز نەکات".

دیسان هەر لەم چامە مەزنەدا باسی ڕاز و نیازی مرۆڤی بلیمەت دەکرێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەشاگەشکە و سەرسوڕمانەوە، بەرامبەر بەمردن و دووبارە وەخۆ هاتنەوە، پاش تێپەڕبوونی بایەکی شێدار شوێنەکەی دەم دەریایەکە هەست بەیەکایەتی هەستەکان دەکرێت بەناسکی کارمەندانە و بێ ترس سرووتەکان دەڵێتەوە لە پاڵ ئەوەشدا ناوی فەیلەسووفی گریکی (زینۆن) دێت بۆ پتەوکردنی فرە لایەنەکانی قەسیدەکە، زینۆن یەکێکە لە پشتگیرەکانی ڕێبازگەی ئێلیائیزم، هەروەها قوتابییەکی چالاکی بارمیندس–ە کە بەرگری لە یەکایەتیبوون – وحدة الوجود – پانتیزم – دەکا.

## ڤالێری خۆی
## دەربارەی گۆڕستانە دەریاییەکە دەدوێ

کاتێک کە گوێم بۆ بەڕێز – جۆستاڤ کۆهین – گرتبوو چەند بڕگەیەکی لە چامەکەم ڕوون دەکردەوە، منیش پەرش و بڵاو بووبووم لە نێوان ڕەزامەندیم لە لایەک، کە دەمدیت ئامراز و گوزارشتی ئەم چامەیە کە بەتەمومژی و داخراوەیی ناوبانگی دەرکردبوو بڵاو بووبۆوە و، لایەنەکەی تر ئەم نامۆییییە هەستدارە بوو، کە ئاماژەم بۆ کرد، ئەمەشیان دەرەنجامی و دڵەڕاوکێی ئاساییی پڕۆژەکانی موخێکی پەشۆکاوە لە ڕاستییەوە بەدەردەکەوێت بۆ خاوە خەیاڵ و بەزارەترەکی لە خاوە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستەقییە وەک جورجێکی بەتەڵە وەبوو[٦].

ئەو دژوارەییە بەپیت و فەڕسک و زایەی لە شیعری ڤالێری دەدرێت لێک نزیکبوونەوەیەکی شاردراوەی لە نێوان:

ڤالێری – ئەندریەجید – برۆستدا خوڵقاند، ئەو نزیکییە هاوبەشییە وای کرد هەرسێ بلیمەتەکان جێ پێی خۆیان لە گیانی سەدەی نۆزدەم گیر بکەن.



شیعر لای ڤالێری زەماوەندێکی هەمیشە بەردەوامە، ڕووداوێکە پاش ژان و ژوویەکی کوشندەی بەتەمەنە کۆڤان و گۆڤەندی شادی هزرە، گەشتێکی تەلیسماوی بێ قەتماغەیە، ناخیش بوخچەیەکە گشت قووڵایی پەنا و قوژبنەکانی تاریکی تێدا لوول دراوە، ئەندریەجید دەڵێ:

کەسێک نەبووە وەک ڤالێری بەرەو ناخی دەریا شۆڕ بووبێتەوە بەم شێوەیە نووسینی قەسیدە هەڵپە و گیانبازێکی ترە، گیانبازێکە لە ڕەها دایە، جووڵەیەکی دانەمرکاوەیە لە زەمەن.

لەم گۆڕستانەدا یەکگرتنێکی توند و هەمەکی ڕەچاو دەکرێت لە نێوان دایەلۆگی ئاوەز و سروشتی گیاندارانە!

گرینگییەکی زۆر بەهەستی گوێڕاگرتن دراوە، ئەمیش لە ڕێگەی ئاوێتەبوون و زرنگانەوەی پەیڤە چڕە یەکتەنیەکانەوەیە، ئاو لەم گۆڕستانەدا هێمای دایکێکی پیرۆزە، منداڵدانێکە حەدوسەدی سەراو دەرکردنە و لە هەمان کاتیشدا ڕەمزێکی سێکسی و خۆشەویستی پاکیزانە دەبەخشێت. ئاو مەبەست و هیوایە لە دەرگەی گشت خەون و حەز و ئاواتەکان دەدات، لەوێشەوە بەرەو گۆڕی هەمیشەییی بەڕێ دەکرێت، پاشانیش بیر لە داڕزان و نەمانی جەستە پاکەکە دەکرێتەوە لە شێوەی بەرز دەتاوێتەوە ناو خاک و هەڵدەمژرێ، کرمەکان گازی لێ

دەگرن، تەنیا هێسک و پرووسک دەمێنێتەوە، ئەمیش لەگەڵ خاکدا دەبنە یەک گیان و هەست وەک تەفاعولبوونێکی کیمیاگەریانە، هەروەها لە لایەکی ترەوە ئاو نیشتمانێکی نێونەتەوەیی (أممي)یە، وەک باشلار بۆی دەچێ دڵنەواییە بۆ ڕابردووی لەوەوپێشی، بەردەوامە، جووڵە و بزافتنە، توانەوەی هەر خۆی لە خۆیدا ژیانێکە لە ناو ژیاندایە، بەڵام چەند گرفتێک هەن ئادەمیزادی دڵناسک ئازار دەدەن، چەندان ئومێد و ئارەزوو پووک و پووچەڵ دەکەنەوە، ئاستەنگ و بێزاری و نالەباری مێشک ڕووبەڕووی مەرگێکی چاوەڕوانکراوی هەمیشە دەبنەوە.

خۆشەویستەکانمان شێوە ساکارەکانیان نامێنێ هەر بەلەز دەگۆڕێنە لەشێکی بێ جووڵە، ڕوو لەولاوە دەکەن... دەفەوتێن، بەمجۆرە دەبنە بەشێک لە گەردوونی ئەنگوست لە چاودا، دەڕووتێنەوە، لە گشت لایەنەکی مرۆیانە دادەماڵدرێن، ئاخیش لە باوەشی گەرمی خۆیدا قلووفی دەکات، دەبێتە خۆراکی تازە گەرموگوڕی چەند ژەمێک بۆ کرمە کۆرپەلەکانی، لەم چامەیەدا شاعیر ناوی (مینێرڤا) دێنێ کە خواژنی پەند و ئامۆژگارییە لای گریکەکان، بەم شێوەیە هەر لایەنێکی لاواز لە گۆڕستانەکە مەزندەی بۆ بچێت بەپێچەوانەوەیە شاکارەکە زۆر کامل و دروست و قنج ڕەنگەکانی پەرش و بڵاو دەکاتەوە بۆ خوێنەرە



ئاشقەکانی شیعری شیعر، هەروەک چۆن (ئەخیل) پاڵەوانی تەروادەی (ئەلیاذە)ی هۆمیرۆس پاڵەوانێکی بێ خەش و تانەیە لە تەواویدا پێگەیشتووە، هیچ جووڵە و هەنگاوێک ناوێ ئەگەر بەرپێی خۆی نەبینێ، ئە ئاواش ڤالێری هەر لەو بۆچوونەدا لە دەریای گۆڕستانە دەریاییەکەدا سەرخەوی خۆی دەشکێنێ، بەمجۆرە ئەم چامەیە بەهێزترین توانا و گەورەیی بەئایندەی شیعری جیهانیی دەبەخشێت.

## دەقی گۆڕستانە دەریاییەکە[*١]

ئەو بانە بەئارامەی کۆترەکان[١] بەسەریدا ڕەت دەبن
لە نێوان دارسنەوبەرەکان دەلەرێتەوە، لە نێوان گڵکۆیەکان:
نیوەڕۆی تەواو[٢] لە ئاگر پێکهاتووە[٣]
دەریا، دەریا، هەمیشە بەردەوامە و دووبارە دەبێتەوە !
وای لەو خێروبێرەی پاش بیرکردنەوەیەکی قووڵ
لەو ڕوانینە دوورودرێژە بۆ هێمنی خواوەندەکان !
چ هەوڵێکی پەتی چەخماخەی ناسکە، کۆتاییی پێ دێنێ[٤]
گەوهەرێکی زۆر لەکەف و کوڵی نادیاردا هەیە.
چ ئاشتییەکە هەر دەڵێی لە دایک دەبێت![*٢][٥]
لەو کاتەی کە ڕۆژ لەسەر هەڵدێردا پشوو دەدات.
وەک کارێکی بێ گەردی[٦] کێشەیەکی جاویدان،
زەمەن دەدرەوشێتەوە و خەون دەبێتە زانین[٧]
ئەی گەنجینەی سەقامگیر[٨] ئەی پەرستگا ساکاری مینێرڤا[٩]
ئەی بارستاییی هێمنی کۆگای بینین



ئەی ئاوی لەخۆبایی، ئەی ئەو چاوەی لە ناخیدا خۆ حەشار دەدات[١٠]
ئەو هەموو خەوتنە لە ژێر ڕووبەندی گوڕی ئاگردا
ئەی، بێدەنگییەکەی خۆم! ئەی بناغەی ناوگیانم
ئەگەریش دوندە زێڕینەکەی هەزار ساپیتە بێت، ئەی بانەکە!
ئەی پەرستگای ڕۆژگار، درێژییەکەت هەناسەیەکە
بۆ ئەو شوێنە پاقژە هەڵدەکشێم و خۆ ڕادێنم[١١]
کە بەسەرنجی پڕ لە دەریا دەورە دراوە
لەو کاتەشدا، قوربانییە پیرۆزەکەم پێشکێش بەخواوەندەکان دەکەم
درەوشانەوەیەکی پاک لەسەر ترۆپک[١٢] تۆو دەدات
لە ڕق لێبوونەوەیەکی ئەوپەڕی دەسەڵاتەکەی[١٣]
وەک توانەوەی مێوەجاتە لە هەوەستدا، هەروەک بزربوونی بوونە لەزەتێکی تر
لە زارێکدا شێوەی دەمرێت[*٣]
لێرەکانە دووکەڵی داهاتووم (دەورە دراوم)[١٤] بۆن دەکەم[*٤]
ئاسمانیش سروود بۆ گیانی نەمان دەچڕێ
گۆڕانەکانی کەنارە بەهاژهاژەکانە[١٥]

ئەی ئاسمانی قۆز، ئەی ئاسمانی راستەقینە[١٦] سەیرکە،
دەمبینی دەگۆڕێم!

پاش ئەو هەموو باییبوونە، پاش ئەو هەموو شل و خاوە
نامۆییە

[*٥][١٧] لەگەڵ ئەوەشدا لەوپەڕی هێز و توانادایە[١٨]

ها، ئەوەتا خۆ تەسلیمی ئەم ئاسمانە درەوشاوەیە دەکەم.

سێبەرەکەم بەسەر خانووی مردوواندا دەپەڕێتەوە

ئەوەی کە بزافتی خاوی[١٩] دەستەمۆم دەکات

بەگیانی ڕووتاوەم لە لاربوونەوە بەهێزەکەی چراوگی ڕۆژ
دەرگەت دەگرم[٢٠]

(بەهەموو گیانم)[*٦] ئەی دادوەری جوانی ڕووناهی خودان
چەکە بێ بەزەییەکە!

بەپاکی دەتگەڕێنمەوە جێگەی بەراییت:

سەیری خودت بکە!... بەڵام گەڕاندنەوەی ڕووناکی بۆ
سەرچاوەکەی نیوە سێبەری خەمبارانەی گەرەکە[٢١][*٧]

ئاه، لە پێناوی مندا، بەتەنیا بۆ من، بەتەنیا لە مندا،

لە ڕۆخ دڵ، لە دەم سەروچاوەکانی شیعر،

لە نێوان نەبوون و بوونی پەتیدا[٢٢]



چاوەنوارِ دەکەم (گوێگرتن) لە زایەڵەی مەزنایەکی ناوەوەم

ئەم ئەنبارە تاڵە، نوتەکە، دەنگ بەرزە،

ئەوەی هەمیشە بەتاڵی ئایندەی لە دەروونندا دەڵێتەوە.[٢٣]

ئەی دیلە قەڵپەکە، ئایا شارەزای گەڵایەکانی درەختیت،

ئەی ئەو کەنداوەی ڕێژنە ئاوە زراڤەکان فڕ دەکەیت:[٢٤]

تۆش ئەی نهێنییە سەیرەکانی سەر هەردوو چاوی
نوقاوم:[٢٥]

چ جەستەیەکە ڕامدەماڵێت بۆ مەبەستە گەمژەکەی،

چ نیوچەوانێکە بۆ ئەم خاکەی دەکێشێت، خاکی ئێسک و
پروسک[٢٦]

پڕیشکێکی[٢٧] بیر لەو کەسانە دەکاتەوە کە لێم بزرن؟

داخراوەیە، پیرۆزە، پڕە لە ئاگری بێ دار و دوو:

تیلمە زەوییەک پێشکێش بەڕۆناهی کراوە،

ئەو شوێنەگایەم لا پەسەندە، بەچراخان[٢٨] تەنرا بێت و

پێکهاتووە لە زێڕ و بەرد و درەختە نوتەکەکان

ئەم مەرمەرە زۆرانە، لەسەر ئەم فرە تاریکییە دەلەرزن[٣٠]

دەریای بەوەفاش لەوێندەرێ لەسەر گۆڕەکانم ڕاکشاوە!

ئەی دێڵەسەگی مەزن[٣١] بتپەرستەکان راونێ!

که منت دیت تاق و تەنیا، خەندەی شوانانەم لەسەر لێوانە،

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ بەرخە نادیار و،

لەگەڵ مێگەلی سپی گۆڕە کپەکانم دەوەستم،

کۆترە زیرەکەکانی لێ دوور بخەرەوە هەروەها خەونە پووچەڵ و فریشتە پەرۆشەکانیش![٣٢][*٨]

مادامەکی هاتووینە ئێرە، ئایندە شل و خاوە،[*]

زەردەواڵەی دژوار چڕنووک لە وشکاییی دەگرێ

[٣٣] گشت شتێک سووتا، تێک چوو، توایەوە لە کرۆکێکی توندو تیژی نەزانراودا...

ژیان بەرفرەوانە، بەونبوون سەرمەستە[٣٥]

تاڵی شیرینەو، زەین بێگەردە،[٣٦]

مردووە شاردراوەکان(*٩) لە حاڵەتێکی باشی ئەم ژێرزەوییەدان

گەرمایەتیان دەداتێ و ڕازەکانیشیان وشک دەکاتەوە.[٣٧]

نیوەڕۆ لەوێندەرێ لە شوێنە بەرزەکانە، نێوەڕۆ بێ جووڵەیە،

بیر لە خۆی دەکاتەوە خودی خۆی بەسیەتی...[٣٨]

ئەی کەللەسەری دروست و تاجی تەواوە بوو[٣٩]

من گۆڕانێکی شاردراوەم لە ناخی تۆ،



هیچ شوێنێک نییە ترسەکانتی لێ دابنێی![٤٠]

پەشیمانیم، گومانم، ڕکم، ئەمانە خەوشی (شاردراوەی) ناو ئەڵماسە مەزنەکەتە...

بەڵام لە شەوی ژێر باری تەمۆخەکاندا

حەشاماتی سەیری نزیک رەگی درەختەکان

بەشێنەیی لایەنی تۆی گرت.[٤١]

لە نێو پەنهانێکی تەڕچکدا توانەوە، قوڕی سوور، جۆری نژادە سپییەکەی هەڵمشت،[٤٢]

دیاری ژیان بۆ گوڵەکان گواسترایەوە!

دەستەواژە باوەکان بەمردووان چی؟

کوا هونەری خودێتی و گیانی نامزەد،

ئەوەتانێ لەو شوێنەی فرمێسکی لێ ڕژا.

کرمۆکەکان دەستیان بەڕستن کردەوە،

قاژوقیژی کیژە سۆزانییەکان، چاوەکان، ددانەکان و پێڵوە خوناوییەکان،

ئەو مەمکۆڵە ئەفسووناوییەی، یاری بەگڵپەی ئاگر دەکات،

ئەو خوێنەی کە دەبریقێتەوە لەو لێوانەی تەسلیم دەبن!

دوا بەخشین و ئەو پەنجانەی داکۆکیان لێ دەکەن

خڕ ئەوانە دەچنە ژێر زەوی و دەگەڕێنەوە ناو یارییەکە و
تۆش، ئەی گیانە دڵڕفێنەکە، ئایا هیواداری خەونێکی وا دەکەیت
چیتر ئەم درۆیە رەنگانەی نەبێ(٤٣)
کە لێرە زێڕو شەپۆڵ، بۆ چاوەکانی لەش، دەیڕەخسێنێت؟
ئاخۆ کاتێ دەبیتە هەڵم و(٤٤) دەچیتە ئاسمان
لە گۆرانیی چڕیندا ناکەوێت؟
یەخەم بەردە! هیچ شتێ نامێنێ! جەستەم کونیلەدارە.(٤٥)
تا نەمانی ئارامی پیرۆزیش دەمرێت!
ئەی جاویدانی زراڤە ڕەشی زێڕاوییەکە،(٤٦)
ئەی پرسە بەخشەگرانی پڕ بارە سووکی تاجە گوڵینەی سەرکەوتن،
ئەی ئەو کەسەی مردن دەکەیتە سینگی دایکێکی دڵنەرم،
وای بابە لەم گوشارە جوانە و تەفرە دینداریيە،
ئەو کەللە خاوەو ئەو پێکەنینە ئەبەدییە کێ هەیە نەیانناسێت و کێ هەیە ڕەتیان ناکاتەوە!
ئەی باوکە قووڵەکان، ئەی ئەو مێشکانەی هەواری خاڵین،
ئەی ئەوانەی لە ژێر باری ئەم خاکە زۆرەدان،



ئێوە دەبنە زەوی و هەنگاوەکانمان دەشێوێنن،(٤٧)
گازگری ڕاستەقینە، ئەو کرمانەی کەس لێی دەرباز نابێت(*١٠)
ئەی ئەوانەی لە ژێر تەمۆخدا ڕاکشاون(٤٨)
بۆ ئێوە دروست نەبووە، ئەوا لەسەر ژیان دەژی، ئەوا لێم جودا نابیتەوە،(٤٩)
ئاخۆ خۆشەویستیە؟ یاخۆ کینەیە لە من؟(٥٠)
ددانە شاردراوەکە زۆر لە منەوە نزیکە
بەشێوەیێ هەموو زۆر لە منەوە نزیکە
بەشێوەیێ هەموو ناوێکیشی بۆ دەشتێت!(*١١)
چ قەیدیە! دەبینێت، دەیەوێ، خەون دەبینێ، شتان دەگرێت!
تا ناو پێخەفیشم ڕای لە گۆشتمە،(٥١)
دەژیم بۆ ئەوەی ببمە موڵکی ئەم گیانلەبەرە!(*١٢)(٥٢)
زینۆن! ئەی زینۆنی دڵڕەق! ئەی زینۆنی ئەیلی!(٥٣)
ئەوە ئەم تیرە باڵدارەت لێ دام
دەشەکێتەوە، دەفڕی و، نافڕێ!
دەنگ دەمهێنیتە ژیان و تیرەکەش دەمکوژێ!(٥٤)
ئاه! ڕۆژ!

سێبەری چ کیسەڵێکە (هەڵدەدا) لەسەر ڕۆح، چ ئەخیلێکی بێ جووڵەی هەنگاو زلە![٥٥]

نەخێر، نەخێر!... با قیت بوەستین لە دێرینە یەک لە دوای یەکەکاندا

ئەی جەستەکەم، ئەی شێوە بیردارە وردوخاشەکە![٥٧]

ئەی سینەم، خۆت تژیکە لە لەدایکبوونی با!

ئەو شەونمەی دەریا دەیزانێ گیانم پێ دەداتەوە... چ هێزێکی سوێرییە !

با ڕووەو شەپۆلەکان غاردەین، با بەزیندوویی لێی هەڵقولێین![٥٨]

بەڵێ ئەی دەریای مەزن، خودان بەهرەی وڕێنە،[٥٩] ئەی کەوڵی پڵینگ، چ عەبایەکە

هەزاران هەزار بتی رۆژ[*١٣] کونی دەکات،

ئەی هێدرای[*١٤][٦١] ڕەها، سەرمەستی جەستەی شینت، ئەی ئەوەی کلکی[٦٢] بریقەدارت دەکرۆژی

لە هاتوهاوارێکی وەک بێدەنگی،[٦٣]

ئەوەتا، وا (با) هەڵدەکشێ!.... پێویستە هەوڵبدەین[٦٤] بژین!

هەوا لەندە هۆڕەکە کیتابەکەم دەکاتەوە و دای دەخات،



ئەو شەپۆڵەی پلیشاوەتەوە بووتە خۆڵ، تەکان دەدات لە کەورەکان! بێتە دەرەوە!

ئەی لاپەڕە پڕشنگەکان[٦٥] هەڵفڕن!

ئەی شەپۆڵینە دای ڕمێنن دای ڕمێنن، بە ئاوە شادومانی چڕین ئەو ساپیتە کڕ و کەپەی کەوتبووە بەر دەنووکی چارۆگەکان[٦٦]..

پەڕاوێزەکان:

(*١) دامەن بەرچقەکردنی پەڕاوێزەکان و بەراوردکردنی قەسیدەکە لەگەڵ دەقی فەڕەنسی مامۆستا عەزیز گەردی ئەنجامی داوە.

(*٢) وشە بەوشە (خۆی تووشی ئاوسی دەکا ) رێلکە بەدەستکارییەوە تەرجەمەی ئەڵمانی کردووە:

(ئاشتییە، وەک بڵێی هزر لە هێز و توانای خۆی بکاتەوە).

(*٣) وشە بەوشە: دەمرێ، رێلکە دەیگۆڕی و دەڵێ:

(لەناو دەچێت یان بزر دەبێت) بەوەش ماناکەی کەمێک ڕوونتر دەبێت.

(*٤) (داهاتووی دووکەڵاویم)، و لە تەرجومەی مامۆستا شفیق المقار:

(دووکەڵی ئایندە) رەنگە هەڵەی چاپ بێت.

(*٥) بەمانای ڕابواردن و سستی و بێ ئیشی.

(*٦) رێلکە لە لای خۆیەوە دەقەکەی زیاد ڕوون کردووتەوە.

(*٧) لە تەرجومەی مامۆستا شفیق المقار ئەوهایە: بەڵام تەرجومەی رێلکە بۆ ئەو دوو دێرەی دوایی بەم شێوەیە ڕووندەکاتەوە:

(کێ دەتوانێ ڕۆناکی بەدیاری پێشکێش بکات بێ ئەوەی لە بەشەکەی تری جیا بکاتەوە، کە سێبەرە....).

(*٨) تەرجومەکەی مامۆستا (مقار) بەم شێوەیە:

بەڵام رێلکە هاتنی مێگەلە سپییەکان بەمجۆرە دەڵێ:

(ئەگەر هاتە ئێرە، داهاتوو شل و خاو تەمبەڵ بوو).

لەگەڵ ئەوەشدا تەرجومەی یەکەم جار سەرنەکەوت، تا ئێستاش ئەو بڕگەیە بەسەختترین بەشەکانی ئەم چامەیە دەبینم.



(*٩) لە تەرجومەی عەرەبی ئەوهایە! کە تێ بگەن بەمانای ئەو کەسانە شاردراوەن، یاخۆ بەگڵ داپۆشراون و بزرن.

(*١٠) یەکەمینیان رەتی دەکاتەوە، بەرپەچی ناداتەوە، بەشێوەیەک هیچ شتێک فەرمانەکانی ناگەڕێنێتەوە، کەسیشی لێ دەرباز نابێت.

(*١١) لە تەرجومەی ڕێلکەدا دەڵێ:

(کەڵبەیەک دەچەقێتە لەشم کەوا هیچ ناوێک لە ناوەکان ناتوانێ سەرپێچی لێ بکات!).

(*١٢) رێلکە دەڵێ: (لە ناو نوێنیشمدا بەزیندوویی پێشکێش بەو گیانلەبەرم دەکاتن، بەزیندوویی پێشکێشیم دەکاتن، کە هەمیشە لەسەر مندا دەژی ).

(*١٣) یانی ئەفسانەکانی ڕۆژ، هەروەها رێلکەش وای بۆ چووە.

(*١٤) هێدرا، لە ئەفسانەی یۆنانەکاندا ئەژدیهایەکی گەورە و حەوت سەری هەبووە، هەرقەڵ توانی بەسەریدا زاڵ بێت و بیکوژێ.

پەراوێز و ڕۆشنکردنەوەی دەقی فەڕەنسییەکە، کە لە هەردوو تەرجومەی (شفیق المقار) و (د. عبدالغفار المکاوي)دا نەکراوە:

١- دەریای هێمن و چارۆگە (شراع)ی سپی.

٢- ڕۆژ، لە تاقی ئاسمـاندا، ڕۆژ دابەشی دوو بەشی وەک یەک دەکات، نیوەڕۆ ڕەفزە بۆ کائینی تەواو بێ کەموکورتی:

٣- بروانە (لە وشەی پێکهاتن – ڕێزی شتی بەرچاو دەبینم، لەگەڵ گۆڕانی هێدی ئەو ڕێزە کە سەراپای دیمەنی ڕۆژێک پێک دێنێ).

ڕۆژ بیری – دەسەڵاتداری تاقانە – دەورووژێنێ.

٤- ئەم سووتانەی کە بریقانەوەی دەریا بەرهەمی دێنێ مەیلەو نامادییە، شاعیر دەکەوێتە دنیای تەواو و بێ کەموکورتی.

٥- ئەم سافییە لەوانەیە تەنیا وەهم بێ و بەس.

٦- لەباتی – کات – و – خەون –.

٧- ڕامانی شاعیر لە دیدەنی خواییدا دەتوێتەوە:

جاویدان... تێگەیشتنیش لە هاوبەشی هەستی زگماکانە دێتە کایەوە.

٨- بە دوای یەک هاتنی وێنەکان ئەو گەنجینە و توانایە دەورووژێنێ کە – هێمنی – دەریا دەیشارێتەوە، هەر بەم پێیەش ئەو دەوڵەمەندییە کە لە ژێر – کپی گیاندا – خەوتووە –.

٩- خواژنی حیکمەت و ژیری.

١٠- دەریای درەوشەدار چاوێکی زلە، بریقەی هێزە نهێنییەکان دادەپۆشێ.

١١- ڕاماو، وەک خواکان، تا ئەو نوختەی تەواوی هەڵدەکشێ و لەوێ – کە لە مەدای بەردەوامی دەردەچێ – کات دەبێ بەچرکە (هەناسە)،



جاویدانی خەست دەکاتەوە، بارێکی ڕێزپەڕ کە دەشێ بڕوا بەبەردەوامبوونی بێنێ.

١٢- قووڵی – دەریا (بەمانای لاتین).

١٣- سلفی یەزدانی، هەڵچوونی ناخەکانی دەریا و گیان بەکەم دەزانێ.

١٤- پێشەکی (دواڕۆژ) تام دەکات: گیانی لە ناو دووکەڵدا ون دەبێت، ئەو کاتەی کە لەشی دەبێ بەخۆڵەمێش.

١٥- هاژە، بەپێچەوانەی ڕووباری وەستاو، ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە بنیادەمی سەر زەوی لە " گۆڕان"دایە و ئاسەواری نامێنێ.

١٦- (قۆز) و (ڕاستەقینە) پێناسەی (تەواوی) دەکەن بەپێچەوانەی ئەو کائینەی کە دەگۆڕێ.

١٧- ئەم هاوبەشە شعورییە لەگەڵ کائینی تەواودا، نامۆ بوو بەهەلومەرجی ئەو.

١٨- پڕ ئحتیمال ؟ هەموو هێزی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ؟

١٩- شاعیر تەسلیم دەبێ بەوەی ببێتە وەرگیراوی ناو شوێنکات و بگەڕێتەوە دنیای شتە گۆڕاوەکان کە بەدیمەنی بەردەکێل و سێبەری جووڵاوی خۆی هەستیان پێ دەکات.

٢٠- هەست بە(بریقەی) ڕۆناکی دەکات، هەوڵ دەدا لە ڕوونی و ئاشکراییی ویژدانەوە لێی ورد بێتەوە.

٢١- فەشەلبوونەوەی مرۆڤ، کە دەیویست ببێ بەگیانێکی پەتی: ناوچەیەکی سێبەر لە نێوان تێگەیشتن و ویژداندا هەیە.

٢٢- شاعیر دەیەوێ ڕۆناکیی ویژدانی خۆی بۆ لای خۆ ڕاکێشێ، بەهەوڵێکی بەنرخی خۆی، لە بەرهەمی شیعریدا، ڕاڕەوی بێ پایانی (بۆشایی) و ئەفراندن (بوونی پەتی) دەگرێ.

٢٣– چاوەڕوانیی بەسۆز نائومێدی بەدوا دێت: ناسینی ناوەوەی (من) هەمیشە بەرەو "داو ڕۆژ" دەکشێ.

٢٤– دەریا، لەودیو گەڵا و تەلبەندی گۆڕستان دەردەکەوێ.

٢٥– پێوەندی بە"دیل" و "کەنداو"ەوە هەیە ؟ نابێ ئەو تەبایییەش لە بیر بکەین کە لە نێوان نهێنی "گێژەن"ی دەریایی و ناخە نهێنییەکانی ویژداندا هەیە.

٢٦– ئێسقانی گۆڕستان.

٢٧– مەبەست (نیوچەوانە).

٢٨– مەبەست (دارسەرووە).

٢٩– زێڕی ڕۆناکی

٣٠– لە ناو هەوای زۆر گەرمدا تەماشا بکرێ مەڕمەڕ وا دەردەکەوێ کە رەمڵ دەکات...

٣١– وێنەیەکە لە دێری پێشەوە ئامادە کراوە: دیاری بەوەفا.

٣٢– ڤالێری (خەیاڵە) گیانیەکانی ژیانی جاویدانی ڕەت دەکاتەوە، بڕوانە (کۆتری) سانت ئێسپری و ئەو (فریشتە) پاسەوانانەی وێنەیان لەسەر بەردەکێل کراوە.

٣٣– شل و ناسکی...

٣٤– شیعری جوانن، بەهۆی زیکەزیکیەوە نامادییەت دەورووژێنێ.

٣٤– بڕوانە دێری ٢٦ و ٨٢.

٣٥– لەباتی ئەوەی وەک خەڵکی تر تامی تاڵاتی بچێژی، شاعیر ساف یاسای سروشت لەگەڵ نەمری و چێژ کۆ دەکاتەوە.

٣٧– چک، هەڵبرینگاو.

٣٨– (نیوەڕۆ) ڕەمزە بۆ کائینی نەجوولاو و کامڵ لە بوونی پاکی خۆی



ڕادەمێنێ، خۆی بەس خۆیەتی.

٣٩– ڕەمزی مادین بۆ تەواوی یەزدانی. لەم بڕگەیە و لە دێرەکانی ٧٩ – ٨٤ بنیادەم وەک (عەیبێک) دەردەکەوێ کە تەواوی – گەورەی گاوران – دەگۆڕێ.

٤٠– دوو مانا هەڵدەگرێ:

أ– بۆ ئەوەی بەبێ هێزی ئەو ترسانە هەڵبگرم کە تۆ دەتەوێ سرووشم بگەینیێ.

ب– بۆ ئەوەی لە ناخی خۆمدا، ئەم ترسانە بجەڕبێنێ.

٤١– بەپێچەوانەی زیندووان کە وەستاو نین، لەش لەو خاکەدا دەتوێنەوە، باوەش بە(وەستان)ی مادە دەکەن: بەشداری کائینی وەستاو دەکەن کە ئەمیش لەگەڵ (نەبوون)دا تێکەڵ دەبێ.

٤٢– ئێسکی مردوو، ئەم پارچەیە پارچەی پێشوو، لەگەڵ ریالیزم و کەوەڕێی ڤیلۆنی هەوڵ و مەرجی مرۆڤ دەورووژێنێ:

نەمانی ئەو شتەی کە لەوپەڕی بەرزی و لەرێزی بیرکردنەوەدا بوو، و لەوپەڕی لەرینەوەدا و، لە ڕێزی هەستپێکردن دابوو.

٤٣– ڕەتکردنەوەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوونییە: گیانی دڵڕفێنی (لە پێوانە دەرچوون)، نایەوێ بەتەمای ئەوە بێ ناوچەی ئەدگار بەجێ بێڵێ و بچێتە ناوچەی بیری ڕووت کە ڕاستەقینەی تەنیا هەر ئەوە.

٤٤– بیر، چالاکیی شیعری بۆ ئەو گیانە دەچێن کە دەبێ بەهەڵم نەمانی دێرینی راناو ئەم بارە وردە پێشنیاز دەکات.

٤٥– با هەموو ناوەڕۆکی، بگرە گیانیش، تا ئارەزووی بێ ئارامی نەمریش "دابچۆڕێ ".

٤٦– ئەمە پارچە داشۆرینێکە: یەکێتیی گاڵتەجاڕانەیە لە نێوان چۆنیەتی

(واقیع)ی هەست پێکراوی مەرگ و خەونی دڵدەرەوەی نەمری.

٤٧- مردوو، بێ هەستن، هەنگاوی ئەو کەسانە دەشێوێنن کە دێنە سەر گۆڕیان و هەست بەگەززەی کرمەکان ناکەن.

٤٨- (کێل)ی گۆڕ...

٤٩- ئەم (کرمە) ئەو ویژدانەیە کە گەززە لە مرۆی زیندوو دەدات.

٥٠- بڕوانە: "لە گەرمای بەرژەوەندی ئازارخواردە، ئەم دووبارە ئاڵۆز دیارن" (جیاوازی)

٥١- بەخەون، ویژدان تێکەڵ بەخەومان دەبێت.

٥٢- بەهۆی دەرککردنی ئەم ویژدانەیە، کە وەک مرۆیەکی زیندوو لە خۆی دەگات لە گۆڕانێکی بەردەوامدا.

٥٣- وەهمی سۆفیەتی زینۆنی ئەیلی، کاتێ دەگاتە نەمانی جووڵە و ئینجا نەمانی ژیان. لە نێوان کەوان و نیشان، تیر بەجووڵە دەکەوێ لە هەموو پارچە کاتێکی دابەشکراو بۆ ژمارەیەکی بێ کۆتایی.. تا ئەخیلیش ناتوانێ بچێتەوە ناو زریپۆشەکەی....

٥٤- دووقات ڕەتکردنەوەی بەڵگەکانی زینۆنە.

٥٥- چووزەرەدانەوەی دڵەڕاوکەیە: ئایا گیان وەک ئەخیل وایە ناتوانێ بەئامانجی خۆی بگات؟ هەورازتر، ڕۆژ (مرۆی کامل) دەگەیاند "دێری٣" پاشان ئاشکراییی ویژدان "دێری ٣٨".

٥٦- موچڕکی شاعیر هەواڵەکانی (نەجووڵانەوە) ڕەت دەکاتەوە دەیەوێ لە بەردەوامیدا بژی، بەدوای یەکدا هاتنی لەحزەکان.

٥٧- ئەم بۆچوونەی بیرکردنەوەیە کە ڕامانی جەزبەگرتووەکەی بەرەو نەجووڵانی دەبات.

٥٨- جووڵەی دەریا، کە چوست دەبێ، هانی دەدا بەرەو ژیانی خۆ



هەڵاوێ.

٥٩- لەم پارچەیەدا وێنە و ئیقاع، جووڵەی دەریا دەگەیەنێ.

٦٠- عەبا: قاپووتی گریکییە، بت! پەیکەر "گریکی ئایدۆلۆن".

٦١- ئیشارەتە بۆ (هێدرا)ی کۆن کە بەبێ کۆتایی هەر سەری لێ دەڕوایەوە.

٦٢- ئەو مارەی کلکی دەکرۆژی لە یەک کاتدا ڕەمزە بۆ کۆتاییی هاتن و بۆ دەست پێکردنەوەی هەمیشەیی.

٦٣- هاتوهاواری بەردەوام، کە (یەک شێوەیی) لەگەڵ یەک شێوەییی بێدەنگدا، یەک دەگرێتەوە.

٦٤- وەک نموونەی ئەو دەریایەی لە غەفڵەتی ڕزگاردەبێ و جووڵانەوەکەی ئەم پارچەیە پڕ دەکات، شاعیر لەگەڵ بێ جووڵەیی بکات، ئەو جووڵەیە پەسند دەکات بۆ ئەوەی بژی.

٦٥- داهێنانی شیعری دەرخستنی ئەو پەسندەیە پێشاندراوە.

٦٦- چارۆگەی سێگۆشەیی لە پێشەنگی کەشتیدا.

## سەرچاوەکان:


١- هاوکاری: ژمارە (٨٨١) ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢٥.

٢- غایتان بیکون: افاق الفکر المعاصر. ل ٤٩٢ و ل٨٦٢ ترجمة: نخبة من الاساتذه الجامعیین. الطبعة الاولی بیروت ١٩٦٥.

٣- هاسکل بلوك هیرمان سالنجر: الرؤیه الابداعیة ل ٢٤ ترجمة، اسعد حلیم، مکتبة النهضة العصریة ١٩٦٦.

٤- مجید محمود مطلب: شیعر و فەلسەفە ل ٨١ گۆڕینی بۆ کوردی، فوئاد مەجید میسری.

٥- الرؤیة الابداعیة: ل ٢١

٦- د. عبدالغفار المکاوي: ثوره الشعر الحدیث، الهیئة المصریة العامة للکتاب ١٩٧٤.

٧- شفیق المقار: شی ء من الشعر، مراجعة محمود تیمور، الدار القومیة للطباعة والنشر، مصر ١٩٦٦.

٨- ادمون ولسون: قلعة اکسل، ترجمة: جبرا ابراهیم جبرا. المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت ١٩٧٩

٩- بیر هزری سیمون: تاریخ الأدب الفرنسي، ترجمة: بنیة صقر - بیروت ١٩٦١.

١٠ - جبرا ابراهیم جبرا: الرحلة الثامنة الطبعة الثانیة - بیروت ١٩٧٩.

١١- ت. س. الیوت: مقالات في النقد الأدبي، ترجمة: الدکتورة لطیفة الزیات.

١٢- خالدة سعید: البحث عن الجذور دار، مجلة شعر، بیروت ١٩٦٠.




## ناوەڕۆک


شیعر لە بەراییدا ........ 5

پۆل ڤالێری ........ 13

زمانی شیعر - شیعری پەتی ........ 19

گۆڕستانە دەرياييیەکە ........ 33

ڤالێری خۆی دەربارەی گۆڕستانە دەرياييیەکە دەدوێ ........ 39

دەقی گۆڕستانە دەرياييیەکە ........ 43